بەشی (4):

# فرۆشگا

جان ئاپدایك

و. لە فارسییەوە: کامیل نەجاری

ئەو سێ کچەی کە وەژوور دەکەون، جگە لە جلی مەلە هیچیان لەبەرنەکردووە. من سەندووقداری ریزی دووەمم و پشتم لە دەرگاکەیە هەر بۆیەش تا نەگەنە بەشی نان نایانبینم. ئەوەی کە لە پێشتدا سەرنجمی راکێشا، ئەو کچە بوو کە مایۆیەکی دوو لەتی سەوزی لەبەردابوو. کەمێك گۆشتن، ئەسمەری خۆش رەنگ، سمتی ناسك و نەرم بە دوو هیلالی سپییەوە کە هیچ کات هەتاویان نەدییوە، لەو پشتەوە رێك لە سەرووی رانەکانی.

من هەروا کە بیسکویتی سوێری "هی هو"م بە دەستەوە بوو، راوەستابووم و بیرم لەوە دەکردەوە کە زەنگەکە لێبدەم یا نا. لێمدا و دیسان مشتەرییەکم لێ پەیدا بوو. ئەو خاتوونە لەو کەسانەیە کە چاوەدێریی سەندووقدارەکان دەکەن. پیرێژنێکی ناشیرین بە 50 ساڵ تەمەنەوە، سووراوی لە دەم و چاوی هەڵسووە و برۆی نییە، دەزانم ئەگەر هەڵەیەکم پێوە ببینێ و لێم لەقاو بدا، لە خۆشیانا دەفرێ. چل ساڵە خەریکە چاوەدێریی سەندووقدارەکان دەکا و وێدەچێ تا ئێستا هیچ هەڵەیەکی نەدیتبێ.

خەریك بووم بە قسەی خۆش دەمخەڵەتاند و ئەو شتانەی کە کڕیبونی بۆم دەخستە ناو توورەکەوە ـ لە کاتی تێپەڕین بە بەرامبەرم دا مۆڕەم لێ دەکا، ئەگەر کاتی خۆی لە دایك بووبایە دەبوایە لە سیلم بیانسووتاندبا ـ هەر وا کە خەریك بووم بەڕێم دەکرد، کچەکان بە دەوری بەشی نان دا تێپەڕیبوون و بە بێ قەرتاڵە لە پشتە سەری منەوە، بە هۆڵی نێوان سەندووقی پارە دان وسەندووقی تایبەت بە کڕینی کەم دا، دەگەڕانەوە. تەنانەت پێلاویشیان لە پێ نەکردبوو. ئەوەیان خەپەیەك بوو بە مایۆیەکی دوو لەتی سەوزی فۆسفۆڕی کە درزەکانی ستیانەکەی هێشتاش توند و قایم و زگیشی بێ رەنگی بێ رەنگ بوو. بە بڕوای من مایۆکەی تازە کڕیبوو. بەو دەموچاوە قەڵەوەوە کە دەتکوت قوخە، لێوەکانی لە ژێر لووتیەوە غونچە کردبوو. درێژ و قژ رەش بوو و چاك قژی لوول نەکردبوو و خۆر ژێر چاوەکانی سووتاندبۆوە و چەنەی لەرادەبەدەر درێژ بوو. خۆتان دەزانن لەو کچانەیە کە هاوڕەگەزەکانیان وادەزانن زۆر لەبەردڵانن بەڵام هیچ کات بە هیچ ناگەن. چونکە ئەوان خۆیان دەزانن کە حەزیان بۆ ئەو جۆرە کچانە، لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ.

دەگەینە سێهەم کچ کە زۆریش باڵابەرز نەبوو. بۆخۆی مەلیکەیەك بوو. وەك بڵێی ئەو رێگایان پێشان دەدا. ئەو دوانەی تر، شانیان وەردەسووڕاند و بە دزییەوە سەیریان دەکرد. ئەو سەیری دەوروبەری نەدەکرد. نا، ئەو خودای نازە سەیری نەدەکرد. تەنیا بە ئارامی بەرەو پێش دەچوو.

بەو قاچە درێژ و سپیانەوە کە وەك قاچی ئەستێرەکانی ئۆپێرا دەچوو. پانێیەکانی تۆزێك بە قورسی هەڵدێناوە. دیار بوو کە زۆر بە قاچ رووتی و بێ پێڵاو بە رێگا دا نەڕۆیشتووە. پانێیەکانی لە سەر زەوی دادەنا و قورسایی دەخستە سەری پەنجەکانی، وەك ئەوەی کە بە هەر هەنگاوێك زەوی تاقی دەکاتەوە.

مرۆڤ هیچ کات تێناگات کە مێشکی کچان چۆن ئیش دەکا. (بەراستی پێتان وایە لەو نێوە دا مێشکیش هەیە، یا تەنیا ویزە ویزێکە، وەك زەردەواڵەیەك لە ناو قوتویەکی شووشەیی دا؟) بەڵام وێدەچوو ئەوەیان ئەو دووانەی تری هان دابێ کە سەردانی ئێرە بکەن و ئێستاش خەریکە پێشانیان دەدا کە چۆن دەبێ بە ڕێگا دا بڕۆن، لە سەرەخۆ بڕۆن و خۆتان رێك راگرن.

مایۆیەکی پەمەیی چین چین ـ یا خود بژ ـ ی لەبەر کردبوو کە هەموو شوێنێکی گرێی وردی هەبوو. ئەوەی کە زۆر سەرنجمی راکێشا، دووبەندەکەی بوو کە داکەوتبوون. لە سەر شانەکانێوە ئاڵقە کرابوو و بە شلی بە دەوری قۆڵە لەبارەکانی دا داکەوتبوو و لەبەر ئەوەش پێم وایە مایۆکەی لە سەر لەشی خزیبوو و هەر بۆیەش دەوراندەوری لای سەرەوەی مایۆکەی شوێنێکی سپی بوو کە دەدرەوشایەوە و ئەگەر ئەوە نەبوایە مرۆڤ وایدەزانی ناکرێ شتێکی سپی تر لەو سەر شانانەش هەبێ. بەو دووبەندانەی کە بەریدابوونەوە، ئیتر لە نێوان سەرەوەی مایۆکە و سەری دا هیچ شتێك نەبوو جگە لە خۆی، ئەو رووبەرە خاوێن و رووتەی سەرەوەی سنگی تا ئێسکی سەر شانی وەك وەرەقەیەکی کانزایی بڕگەبڕگە بوو کە لە ژێر نوور دا خۆی دەنواند. مەبەستم ئەوەیە لە جوانیش جوانتر بوو.

قژەکانی خورمایی بون کە خوێی دەریا و رووناکیی هەتاو رەنگەکەیان بردبوو. بەرەو سەرەوە کۆی کردبوونەوە بەڵام داکەوتبوون و جۆرێك حاڵەتی جیدییان بە روخساری بەخشیبوو. بێیتە ناو فرۆشگای A&P بە دووبەندەیەکی داکەوتووەوە، پێم وایە تاکە روخسارێك کە دەتوانی بەخۆتی بگری هەر ئەوەیە. سەری زۆر بەرز راگرتبوو. ملی لە نێوان ئەو شانە سپیانەی هاتبووە دەرێ، وەك بڵێی بە شێوەیەك کێشراوە، بەڵام من بۆم گرینگ نەبوو. هەرچی ملی درێژتر با بوونێکی زیاتری هەبوو.

دەبوایە لە گۆشەی چاویەوە من و لە سەر شانەکانی منەوە روانینەکانی ستۆکیزیی لە ریزی یەکەم دا هەست پێ کردبێ، بەڵام وەسەر خۆی نەهێنا. مەلیکە ئەو شتانەی وەسەر خۆی نەدێنا. هەروا چاوەکانی بە ناو ریزی شتەکان دا دەگێڕا، وچانێکی دەدا و وەها بە ئارامی وەردەسووڕا کە لە حەیەتا وەختا بوو ناوکم بکەوێ و ئەو دوانەی تریش کە لەگەڵیان هەر خەریکی سرت و خورت بوو و بۆ ئاسانکاری، لە پێش ئەو سەریان نابوو بە سەری یەکەوە .

هەر سێکیان رۆیشتن بەرەو خۆراکی سەگ و پشیلە، قاوەڵتی، دانەوێڵە، ماکارۆنی، برنج و کشمیش، بەهارات، سپاگێتی، ساردی، بیسکویت و بیسکویتی سوێر. لە ریزی دووەمی سەندووقەکانەوە، من راستەو خۆ ئەو هۆڵەم هەتا دەگەیشتە پێشخانی گۆشت دەدیت و بە درێژایی ئەو رێگایە سەیری ئەوانم کرد. خەپەتۆڵە رەش ئەسمەرەکە، چەند پاکەت بیسکویتی هەڵگرت و پاش هێندێك بیر کردنەوە لە سەر جێگای خۆیان دایناوە. مشتەرییەکان وەك مێگەلێك لە هۆڵەکە دا پاڵیان بە قەرتاڵەکانیانەوە دەنا – کچەکان بە پێچەوانەی رەوتی ئاسایی دەڕۆیشتن (نەك ئەوەی کە ئێمە هێمای یەك لایەنی یا شتی وەهامان دانابێ)- زۆر پێکەنینی بوو.

مشتەرییەکان دەیاندیت کە شانە سپییەکانی مەلیکە لە ناکاو لەبەر چاویان شین دەبێ. وەك ئەوەی لە شوێنی خۆیان هەڵبەزنەوە یا لە ناکاو نزگەرە بگرن، بەڵام خێرا چاوەکانیان بەرەو قەرتاڵەکانیان وەردەسووڕاند و دیسان پاڵیان پێوە دەنا. مەرج دەبەستم ئەگەر لە ناو فرۆشگایەکی A&P دینامیتیش بتەقێننەوە، خەڵك هەر بەرەو ئاردی جۆ دەچن و لە ناو لیستەکەی خۆیان خەتێکی بە سەر دا دەکێشن و لە ژێر لێوەوە بە پرتە و بۆڵەوە دەڵێن: "دەی باشە با بزانم، شتێکی تریش بوو کە بە "د" دەستی پێ دەکرد. ئەها، بەڵێ دۆشاوی تەماتە. هەر شتێکی دیکەش بێ هەر پرتە و بۆڵە دەکەن. بەڵام ئەوەیان بێگومان قدیلکەی دان. چەند خاتوونێکی کابانی زەحمەتکێشی بیگودی لە سەر، تەنانەت پاش ئەوەی کە بە قەرتاڵەکانیانەوە تێپەڕ بوون، چاوێکیان بە دەوروبەریان دا گێڕا بۆ ئەوەی بزانن بە راستی دروستیان دیتووە .

دەزانن چییە؟ کچێك بە مایۆیەکەوە لە رۆخی دەریا و لە ژێر گەرمای خۆرەتاوی گەش، شوێنێك کە بە هەر حاڵ هیچ کەس سەیری کەسێکی تر ناکات، شتێکە و لەنجە و لاری هەمان کچ بە قاچی رووتەوە لە سەر رایەخی چوارخانەی سەوز و زەرد لە هەوای فێنکی A&P لە بەرامبەر کەرەستەی لە سەر یەك هەڵچنراو و لە ژێر رووناکیی فلۆئورسێنت، شتێکی ترە.

ستۆکیزی لە قەراغەوە پێمی وت: "وەی بابەڕۆ، وەختە لە هۆش بچم"

وتم: "وەی دڵەکەم، توند توند بمگرە"

ستۆکیزی زەماوەندی کردووە و دوو منداڵی هەیە کە تا ئەو کات پارەیەکی زۆری لێ خەرج کردبوون. بەڵام هەمو جیاوازییەکە هەر ئەوەیە. ئەو بیست و دووساڵی تەمەنە و من ئاپریلی ئەمساڵ بوومە نۆزدە ساڵ.

دەپرسێ: "دەکرێ؟" ئەو پیاوە خیزانداره بەرپرسیارە، سەرئەنجام دەنگی دێتەوە سەر خۆ. لە بیرم چوو بڵێم ستۆکیزی پێی وایە لە رۆژێکی جوانی بەهاری دا دەبێتە سەرۆك. کاتێك لە ساڵی 1990 دا ناوی نێرە بوو بە کۆمپانیای چای ئەسکەندەری مەزن یا وەها ناوێك.

مەبەستی ئەوە بوو کە شاری ئێمە پێنج مایل لە کەناری دەریاوە دوورە، لە ئۆردووگای گەورەی هاوینەی پۆینت، بەڵام ئێمە رێك لە ناوەڕاستی شارین و ژنەکان بەر لەوەی کە لە ماشێن دابەزن و بێنە ناو شەقام، کراسێك، شەڵوارێکی کورت، یا شتێکی تر لەبەر دەکەن. لە هەر حاڵ دا زۆربەی ئەو ژنانە پێنج شەش منداڵیان هەیە و دەمارەکانی واریسی قاچەکانیان دەرپەڕیوە و بۆ هیچ کەس و تەنانەت بۆ خۆیشیان هیچ گرینگ نییە. هەر وەك وتم ئێمە رێك لە ناوەڕاستی شارین و ئەگەر لەبەر دەرگای هاتنەژووری ئێمە دا راوەستن، دوو بانك و کلێسای گەڕەك و دووکانی رۆژنامەفرۆشی و سێ دوکانی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی و بیست و حەوت لۆدێری خۆڕایی دەبینن کە بە شەقامی سەرەکی دا تێپەڕیون، چونکە دیسانەکە بۆریی زێراب تەقیوە. ئێمە خۆ لە رۆخی دەریا نین. ئێمە لە باکووری بۆستۆنین و مرۆڤگەلێك لەو شارە دا دەژین کە بیست ساڵە رەنگی ئۆقیانووسیان نەبینیوە.

کچەکان گەیشتبوونە بەر قەساببیەکە و خەریك بوون شتێکیان لە "مەك ماهون" دەپرسی. ئەو بە قامك پێشانی دان، کچەکان ئاماژەیان بە شوێنێك کرد و لە پشت هێرەمێك لە قۆخی پەروەردەیی تایبەت کە لە سەر یەك کەڵەکە کرابوو، لە بەر چاومان ون بوون. ئێمە ماینەوە و مەك ماهونی

پیر کە لێوەکانی لە یەك هەڵدەسوو و نیگای شوێن پێی کچەکانی هەڵگرتبوو و خەریك بوو بە وردی هەڵیدەسەنگاندن. کچە بەستەزمانەکان، ئیتر وردە وردە خەریك بوو بەزەییم پێیان دادەهات، خەتای خۆیان نەبوو.

ئێستا دەگەینە بەشی خەمباری چیرۆکەکە، کە لانی کەم بنەماڵەکەی من دەڵێن خەمبارە بەڵام من خۆم لە سەر ئەو رایە نیم. فرۆشگا چۆڵ بوو، ئیتر خەریك بوو ئێوارەی پێنج شەممە دادەهات و ئێمە ئیشێکی زۆرمان نەبوو جگە لەوەی کە لە پشت سەندووقەکانمان پاڵ بدەینەوە و چاوەڕێ بین کچەکان دیسان دەربکەونەوە. هەموو فرۆشگا وەك یاریی "پینباڵ"ی* لێهاتبوو، من نەمدەزانی کە کچەکان لە کام کونەوە سەر دەردێنن. پاش ماوەیەك لە ئاخرین هۆڵەوە وەدیار کەوتن. لە دەوروبەری گڵۆپەکان، سی دی مۆسیقای "شەش کارائیبی" یا گۆرانییەکانی "تۆنی مارتین" بە داشکانەوە، یا بۆ وێنە تایدی ماشێنی جل شۆری کە مرۆڤ دەیگوت حەیف بۆ ئەو پێچانەوەیە، نوقڵی شەش دانەیی، کەرەسەی یاریی منداڵان کە لە لایلۆنی ناسکەوە پێچرابوون و هەر بە سەیر کردنی منداڵان لەبەر یەك هەڵدەوەشان. هەر وا کە دەهاتن، مەلیکە خاتوون رێگای پێشان دەدان و شووشەیەکی خۆڵەمێشیی بچووکیشی بە دەستەوە بوو. لە ریزی سێ تا حەوت، سەندووقەکان کەسیان لە

:Pinball*یارییەکی کۆمپیوتەرییە

سەر نەبوو.

دەمدیت کە لە نێوان من و ستۆکیزی دا ماونەتەوە بەڵام ستۆکیزی بەو شانسە هەمیشەییەی خۆیەوە، سەرنجی مامە پیرەیەکی بۆ لای خۆی راکێشا کە شەڵوارێکی شۆڕی رەساسی لەبەر کردبوو و لە ناکاو بە چوار قوتووی گەورەی ئاوی ئاناناسەوە، وەدەر کەوت. (من جار جارە لە خۆم پرسیوە کە ئەو بێ قیمەتانە ئەو هەموو ئاوی ئاناناسە چ لێدەکەن؟) هەر بۆیە کچەکان بەرەو لای من هاتن. مەلیکە شووشەکەی لە خوارەوە دانا و من بە قامکی سڕ و سەرمابردوومەوە هەڵمگرت. کۆنسێروی ماسی بە کرێمی ترشی خالیسەوە 49 سەنت. ئیتر دەستەکانی بەتاڵن، نە ئاڵقەیەك، نە بازنەیە، رووت هەر بەو شێوەی کە خوا خوڵقاندبووی، نەمزانی ئەی پارە لە کوێوە دێ؟ هەروا جیددی خۆی گرتبوو. پارەیەکی یەك دۆلاریی قەد کراوی لە گیرفانی مایۆ پەمەییە گرێدارەکەی دەرهێنا. شووشەکە خەریك بوو لە ناو دەستم دا قورس دەبوو، بە ڕاستی پێم وابوو کە زۆر جوانە.

پاشان ئیتر بەختی هەموومان هەڵچۆڕا. لەنگێل پاش چەنە لێدان لەگەڵ لۆرییەك کە بارەکەی گێزەر بوو، لە گەراجەوە دێ و بە راکردن بەرەو دەرکەیەك دەڕوات کە هێمای مودیری بەسەرەوەیە و تەواوی ئەو رۆژە لەو کاتەوە کە چاوی بە کچەکان کەوتبوو لە پشت ئەوەوە، خۆی حەشار دابوو. لەنگێل زۆر وەڕەزمان دەکات. مامۆستای یەکشەممانەی قوتابخانە یا شتێك لەو شێوەیە. بەڵام زۆر زیتە. دێتە پێشەوە و دەڵێ: "کچەکان، ئێرە خۆ لێواری دەریا نییە".

مەلیکەی ناز سوور هەڵدەگەڕێ. ئەگەرچی رەنگە لە بەر هەتاو سووتابێتەوە و ئێستا کە ئەوەندە نیزیك بۆتەوە تازە پێم زانیوە. "دایکم داوای لێ کردووم شووشەیەك خواردەمەنیی کۆنسێروی ماسی بکڕم". دەنگی بە جۆرێك منی بزواند، هەر بەو جۆرەی کە دەنگەکان مرۆڤ دەبزوێنن،

کاتێك کە سەرەتا کەسێك دەبینن پاشان دەنگی دێ. زۆر بێ حاڵ و ئارام و لە هەمان کاتیش دا ئەو جۆرەی کە "خواردەمەنی" و "کۆنسێرو"ی دەکێشاوە بە جۆرێك دیار بوو خوداپێداوە. لە ناکاو، لە ژێر کاریگەریی دەنگی دا خزامە ناو هۆڵی دیوەخانی خانووەکەیان. باوکی و پیاوەکانی تر بە قاتی سپی و پاپیۆنەوە لەملا و ئەولا وێستابوون و ژنان، سەرپێیی لە پێدا، بە چیلگەی ددان خاوێن کردنەوە، پارووی گۆشتی ماسیان لە سەر کەشەفێکی گەورە هەڵدەگرت، هەموویان خواردنەوەیەکی وەك ئاویان بە دەستەوە بو کە زەیتوون و لقێکی بچووکی نەعنای لە نێو دا بوو. کاتێك کەسێك دێ بۆ سەردانی دایك و باوکم، ئەوان هەمیشە بە لیمۆناد و ئەگەر زۆر بیانهەوێ میوانەکانیان کەیفخۆش کەن، بیرەی هەرزانبایی شلیتز لە ناو پەرداخی پایە بڵیند، کە وێنەیەکی کارتۆنیان لێداوە کە لە سەری نووسراوە: "ئەوان هەمووکات لەوە دەخۆنەوە"، دەرخواردی ئەوان دەدەن.

لەنگێل وتی: "کارم بەوە نییە، ئێرە قەراغ دەریا نییە". دووپات کردنەوەی ئەو وتەیە بە لای منەوە زۆر قۆڕ هاتە بەرچاو. وەك بڵێی هەر ئێستا لەو شتە تێگەیشتووە و تا ئێستا وای زانیوە کە A&P تەپۆڵکەیەکی زەبەلاحی زیخ و لمە و ئەویش سەرۆکی دایرەی مەلەوانانی یاریدەدەرە. بزەی منی پێ خۆش نەبوو. کوتم کە زۆر زیتە. بەڵام بەو روانینێکی خەم هەژێنی زەق وەك مودیری قوتابخانەی یەکشەممانە، سەرنجی چۆوە سەر کچەکان.

سور بوونی کوڵمەکانی مەلیکە خانم، ئیتر تەنیا بە هۆی سووتاندنەوەی خۆر نییە، و قەڵەوەکەش کە من لە پشتەوە را زیاتر کەیفم پێی هاتبوو – بە راستی کە چ سمتێکی لەباری هەبوو- هاتە قسە: "ئێمە ئیشێکی زۆرمان نییە. تەنیا هاتووین شتێکی بچوك بکڕین"

لەنگێل وڵامی داوە: جیاوازیی نییە" و من لە چاوەکانییەوە تێگەیشتم کە ئەو تا ئێستاش نەیزانیوە کە کچەکە مایۆی دوو پارچەی لەبەر کردووە. "ئێمە داواتان لێ دەکەین کاتێك دێنە ئێرە، جل و بەرگتان وەك خەڵکانی بەحەیا بێ"

مەلیکە خانم لە ناکاو وتی: "ئێمە بە حەیاین". ئێستا کە خەریك بوو وەبیری دەهاتەوە کە چ پێگەیەکی هەیە، پێگەیەك کە لەوێوە بەرێوەبەرانی A&P کەسانێکی بێ قیمەت بون، لێوی خوارەوەی وەها گەست کە بریندارى کرد. مارکی کۆنسێرو لە چاوە شین شینەکانی دا بریقەی دا.

"کچەکان، من نامهەوێ چەلەحانێتان لەگەڵ بکەم، لەمەو دوا شانەکانتان داپۆشن جا وەرنە ئێرە، ئەوە سیاسەتی ئێمەیە." گەڕاوە. سیاسەتی خۆتانە. سیاسەت ئەوەیە کە بەرپرسەکان دەیانهەوێ. ئەوانی تر حەزیان لە کردەوەی گەنجانەیە.

بە درێژایی ئەو ماوەیە مشتەرییەکان بە قەرتاڵەکانیانەوە جار جار وەدەر دەکەوتن بەڵام وەك خۆتان دەزانن، مێگەلە مەڕ تەنیا سەیرێکی گۆڕەپانەکە دەکەن و هیچی تر. هەموویان لە بەر دەم ستۆکیزی دا کلکەسووتەیان دەکرد. ستۆکیزی لێواری پاکەتەکانی دەجوڵاندەوە بۆ ئەوەی بکرێنەوە. وەها بە ئارامی ئەو کارەی دەکرد وەك بڵێی خەریکە قوخێك پاك دەدات. نەیدەویست تەنانەت تاقە وشەیەکیشی لە کیس بچێ. لەو بێدەنگییە دا هەستم دەکرد کە هەموو خەریکە تووڕە و دەمارگرژ دەبن، لە هەموانیش زیاتر لەنگێل کە لە منی پرسی: "سامی ئەوەت لێداوە؟"

من بیرم کردەوە و وتم: "نا" بەڵام ئەو وڵامە نەبوو کە بیرم لێ دەکردەوە. خەریکی دوگمەکانی 4 و 9 بووم، کرین، کۆ، زۆر پڕ پێچ و پەناتر لەوەیە وا بیری لێدەکەیەوە. پاش ئەوەی کە دوایین شتت لێدا ئاوازێکی بچووکیش ساز دەکا کە مرۆڤ دەتوانێ وشەکانیشی ببیستێ. ئاوازی سەندووقەکەی من ئەوەیە: "ئاهای، (بینگ) خاڵە، کوا (دیلینگ) پوورەی پەنیر (فرت)" فرت دەنگی ئەو چەکمەجەیەیە کە دەردەپەڕێتە دەرەوە. من زۆر لەسەرەخۆ قاقەزەکە دەبڕم کە تازە لە نێوان دوو دانە گۆپکەی نەرمی بەستەنیی وانیلی هاتۆتە دەر. من ڕۆحیشم ئاگادار نەبوو کە ئەوێ بەستەنیی لێیە. پەنجاوپەك سەنت دەنێمە ناو لەپە باریك و پەمەییەکەی و ماسییەکان دەنێمە ناو پاکەتەوە و سەری پاکەتەکە قەد دەکەم و دەیدەمە دەستی، بە درێژایی ئەو ماوەیەش خەریکی بیر کردنەوەم.

کچەکان و ئەو کەسەش کە سەرکۆنەی کردن، پەلەیانە کە هەرچی زووتر بڕۆن. هەر بۆیەش دەڵێم: "من دەڕۆم". بە لەنگێل دەڵێم. بەڵام وەها بە دەنگی بەرز کە ئەوانیش ببیستن، بەو هیوایە کە ڕاوەستن و سەیری من بکەن. قارەمانە چاوەڕوان نەکراوەکەیان. کچەکان هەروا ڕێگای خۆیان گرتە بەر و بەرەو چاوی ئەلەکتریکی ڕۆیشتن، دەرگاکە هەڵفڕی و ئەوان لە درێژایی پارکینگەکە دا بە لەنجە و لار بەرەو ماشێنەکەیان ڕۆیشتن. مەلیکە و قەڵەوە و ڕەقەڵەی درێژ (ئەگەر وای دانێین هێشتا نەگەیوە، شتێکی خراپیش نەبوو) منیان لەگەڵ لەنگێل و نێوچاوانی گرژی بە تەنیا بەجێ هێشت.

"شتێکت وت سامی؟"

"وتم من دەڕۆم"

"منیش هەر وا تێگەیشتم"

"نەدەبوایە ئاوا ئازاریان بدەی"

"ئەوان ئێمەیان ئازار دا"

ویستم شتێك بڵێم کە بوو بە "فیدل-دی-دۆ" کە قسەی دایەگەورەمە و دەزانم کە دەبێ لە وتنی خۆشحاڵ بووبێ.

لەنگێل وتی: "پێم وایە تێناگەی کە چ دەڵێی"

وتم: "تۆ تێناگەی، من تێدەگەم" لکێکی گرێی بەرهەڵبێنەکەم کێشا و خەریکی دەرهێنانی لە سەر شانەکانم بووم. چەند مشتەرییەك کە بەرەو سەندووقی من دەهاتن وەك بەرازگەلێکی ترساو لە ناو خلیسکێن دا پێکدادران.

لەنگێل ئاخێکی هەڵکێشا و وردە وردە زۆر بە سەبر و پیر و خۆڵەمێشی هاتە بەر چاو. گەلێك ساڵە کە هەڤاڵی دایك و باوکمە. پێم دەڵێ: "سامی تۆ کە ناخوازی ئەو بەڵایە بە سەر دایك و باوکت دا بێنی". ڕاستە. نامهەوێ. بەڵام پێم وایە کاتێك کە مرۆڤ قسەیەك دەکا، جوان نییە کە تا کۆتایی لە سەری نەڕوا. بەرهەڵبێنەکەم دەکەمەوە. لە سەر گیرفانەکەی بە تەقەڵ نووسراوە "سامی". لە سەر سەندووقەکەی دادەنێم و بۆینباخ و پاپیۆنەکە دەنێمە سەری. ئەگەر بڕوا دەکەن

دەبێ بڵێم پاپیۆنیش هی ئەوانە. لەنگێل دەڵی: "کارێکی هەڵە دەکەی. ئەو هەڵەیە بە درێژایی تەمەنت بەرۆکت بەرنادا". منیش دەزانم کە راست دەکا. بەڵام وەبیر هێنانەوەی ئەوەی کە چۆن روخساری ئەو کچە جوانەی سوور هەڵگەڕاند، لە ناوەوە دەمڕووخێنێ. قامکم بە سەر دوگمەی "نافرۆشین" دادا و دەزگاکە ویرەویرێکی کرد و چەکمەجەکە دەرپەڕی. ئەوەی باش بوو کە ئەو رووداوە لە هاوین دا روویدا و دەمتوانی بە بێ گرفت بڕۆمە دەرێ و پێویست نەبوو بە لارە لار بڕۆم پاڵتۆ و چەکمەکانم هەڵگرم. هەر وا بە هێمنی بە کراسێکەوە کە شەوی رابردوو دایکم بۆی ئوتوو کردبووم، چوومە بەردەم چاوی ئەلەکتریکی و دەرگاکە کرایەوە. لە دەرەوە تیشکی خۆرەتاو، دەرژایە سەر شەقام. بە شوێن کچەکان دا گەڕام، هەڵبەت رۆیشتبوون. کەس بە دەرەوە نەبوو، جگە لە چەند ژنی لاوی بەمێرد، کە بە هۆی نوقڵێك کە لە دەزگا فاڵکۆنە شینە کاڵەکەی بەر دەرگا بۆ مناڵەکانیان نەکڕیبوو، لەگەڵ ئەوانا دەیانقیژاند. وەرسووڕامەوە و لە پشت شووشەبەندە گەورەکەوە سەیرم کرد، لە پشت کیسەگەلی پڕ لە خۆڵ و مێز و کورسیی ئەلۆمینیۆمیی باغەکەوە، کە لە سەر شۆستەکە لە سەر یەك کەڵەکە کرابون، دەمتوانی لەنگێل لە سەر جێی خۆمدا و لە شوێنی سەندووقدارەکان ببینم کە خەریکی بەڕێ کردنی مێگەلە مەڕەکە بوو. روخساری شین هەڵگەڕابوو و پشتی، وەك بڵێی ئاسنی قووت دابێ، قیت بوو. کاتێك کە بیرم لەوە کردەوە کە لەمەودوا جیهان چەندە بۆ من ناخۆش دەبێ، دڵم داکەوت.

******

Rojhalat